# Characteristics of the Constitution in Multicommunal Societies: The draft constitution of the Kurdistan Region as an example

**Omed Abdelqader Abdelkarim**
College of Political Sciences/ Salahaddin University- Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.12*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*In every country, the constitution is the main basis for the political system and the making of laws. Of course, this principle plays a more important role in multi-ethnic societies, because it is necessary to ensure the rights of all communities without discrimination and to maintain a balance between individuals in society. In multi-ethnic societies, the constitution is not just a legal document, but a social covenant between different communities. The success of the treaty depends on the degree of balance between the needs of different communities and the ability of the constitution to provide a legal and political framework that is consistent with the culture and history of the society. Meanwhile, the Kurdistan Region as a region with many different communities such as (Kurdish, Arab, Turkmen, Chaldean, Assyrian, Armenian, etc.) is a very appropriate example to analyze the characteristics of writing a constitution. The draft constitution of the Kurdistan Region, despite all its shortcomings, is an important step towards establishing a multi-structural democratic system that guarantees the rights of all citizens, regardless of ethnicity, religion or culture.*

***Keyword***: *Constitutional characteristics, multi-ethnic societies, minority rights, federalism, draft constitution of the Kurdistan Region.*

# تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا:
# پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان وەک نمونە

**د. ئومێد عبدالقادر عبدالکریم**

**کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر**

**Omed.abdalkarim@su.edu.krd**

**پوختە**

لە هەموو وڵاتێکدا دەستور بنەمای سەرەکییە بۆ سیستەمی سیاسی و دارشتنی یاساکان; بێگومان ئەم بنەمایە زیاتر لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت، چونکە پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بتوانرێت مافەکانی هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی دابین بکات و هاوسەنگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بپارێزێت; دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا تەنها بەڵگەنامەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا. سەرکەوتنی ئەو پەیمانە بەندە بە ڕادەی هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییەکانی پێکهاتە جیاوازەکان و توانای دەستور بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی، کە لەگەڵ کەلتور و مێژووی کۆمەڵگاکەدا بگونجێت.

لەم بارەیەوە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی خاوەن چەندین پێکهاتەی جیاواز لەوانە پێکهاتەی نەتەوەیی وەک (کورد، عەرەب، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن) لەڕووی پێکهاتەی ئاینیش وەک (موسوڵمان، مەسیحی، ئێزیدی، زەردەشتی، سابیئەی مەندائی لەگەڵ بەهائی) نمونەیەکی زۆر شیاوە بۆ شیکارکردنی تایبەتمەندییەکانی نوسینەوەی دەستورێک هاوشێوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە فرەپێکهاتەن، ئەم هەرێمە لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقی فیدراڵدا بەگوێرەی دەستوری ٢٠٠٥ی هەمیشەیی عێراق، مافی خۆیەتی خاوەن دەستورێک بێت. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەموو کەموکورییەکانی، هەنگاوێکی گرنگە بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی فرەپێکهاتە، کە مافی هەموو هاونیشتمانیان، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی یان کەلتوری دابین بکات.

**کلیلە وشەکان :** تایبەتمەندییەکانی دەستور، کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان، مافی کەمینەکان، فیدرالیزم، پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

**پێشەکی:**

دەستور لە کۆمەڵگادا دامەزراوەی سیاسی دروست دەکات، لەهەمان کاتدا سروشتی ڕێکخستنی دەسەڵات و شێوازەکانی دەسەڵات دەستنیشان دەکات. جگە لەوە دەستور هۆکارە بۆ بەڕێوەبردنی فرەچەشنی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتییە لە دەستنیشانکردنی شێوازی سیستەمی سیاسی و سیستەمی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگاکاندا. ئەم بەهاو و گرنگییەی دەستور زیاتر بەدەردەکەوێت کاتێک دەستورێکی شیاو و ڕەنگدانەوەی کەتواری کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی دەبێت، هەروەها پێویستە لەتوانایدا هەبێت لەگەڵ بارودۆخ و سروشتی فرەپێکهاتەکاندا خۆی بگونجێنێت و مافی کەمینەکانیش دابین بکات. کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان بەهۆی ئەو سروشتەی کە خاوەنیەتی، بە یەکێک لە ئاڵۆزترین شێوازەکانی کۆمەڵگا لە سەردەمی هاوچەرخدا پێناسەکراون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاوازییەکانی وەک: نەتەوە، زمان، کەلتور، مێژوو، ڕەگەز و ئایین، لەخۆ دەگرن. ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە پێویستییان بە دارشتنی شێوازێکی تایبەتە لە دەستورێک کەوا چەتر بێت بۆ تایبەتمەندی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و ماف و ئازادی کەمینەکان بپارێزێت و بەرجەستەی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوانیاندا بکات.

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، خاوەنی تایبەتمەندی و دامەزراوەی یاساییە بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، هەر بەگوێری هەمان دەستور پێویستە خاوەن دەستوری خۆی بێت. لەبەر سروشتی فرەپێکهاتەیی هەرێمی کوردستان نمونەیەکی زۆر شیاوە بۆ توێژینەوە و شیکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا. سەرەرای ئاڵنگاری و کەموکورییەکان پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٩ نوسرایەوە، هەوێنێکی پڕ بایەخ و هەوڵێکی گرنگ بووە بۆئەوەی لە ئێستا دوبارە کاربکرێت بۆ نوسینەوەی دەستورێک، کە لەگەڵ سروشتی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانیدا بگونجێت.

**گرنگی توێژینەوەکە**

بایەخ و گرنگی توێژینەوەکەمان ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

لە لایەنی ئەکادیمییەوە: هەوڵێکە بۆ بەشداربوون لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی زانستی یاسا و سیاسەتی دەستوری لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا، بە تایبەتی خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی دەستور لە هەرێمی کوردستاندا.

لە بواری پراکتیکدا: دەکرێت سود لە ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم هەوڵە زانستییە وەربگیرێت، بە تایبەتی بۆ یاسا دارێژەران و سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان لە نوسینەوەی دەستور لە ئایندەدا،

لەهەمان کاتدا ئەم توێژینەوەیە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان ببێت بە خاوەن دەستورێکی تایبەت بە خۆی، کە لەگەڵ داکەوت و سروشتی فرەپێکهاتەییەکەیدا بگونجێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەیە: کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان بناسێنین و تایبەتمەندییەکانی بخەینەڕوو، لەهەمان کاتدا دەستور پێناسە دەکەین و شیکردنەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا ئەنجام دەدەین. هەروەها باس لە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، پاشان تایبەتمەندییەکانی دەستور لە هەرێمی کوردستاندا شرۆڤە دەکەین.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان و تایبەتمەندییەکانی چین؟
- تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا چین؟
- چۆن لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئەم تایبەتمەندییانە ڕەنگ بداوەتەوە؟
- خاڵە ئەرێنی و کەموکورییەکانی پرۆژەی دەستوری هەرێمی ساڵی ٢٠٠٩ لە ڕووی تایبەتمەندییەکانەوە چۆن دەستنیشان دەکرێن؟
- چۆن دەکرێت تایبەتمەندییەکانی پرۆژەی دەستوری هەرێم باشتر بکرێت بۆئەوەی بە شێوەیەک بێت، کە لەگەڵ سرشتی هەرێمی کوردستان بگونجێت و ماف و پێداویستییەکانی هەموو پێکهاتەکان دابین بکات؟

**ڕێبازی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەکەدا**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێبازی وەسفی - شیکاری کەڵکی وەرگرتووە، کە لە تێکەڵاوی دوو ڕێبازی سەرەکی پێکهاتووە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەرتوکخانەیی: کە بریتییە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوە نووسراوەکانەوە وەک: پەرتوک، گۆڤار، توێژینەوە و بەڵگەنامە فەرمییەکان.

ڕێبازی شیکاری: کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی پرۆژەی دەستوری هەرێم و خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و کەموکورییەکانی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا.

**مەبەست لە هەڵبژاردنی بابەتەکەمان:**

ئەم توێژینەوەیە مەبەستی ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بخاتەڕوو. لەهەمان کاتدا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان وەک نمونەیەکی زیندو بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنێت. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم پرۆژەیەوە، دەتوانین تێبگەین کە چۆن دەستور دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت و ڕەنگدانەوەی داکوتەی کۆمەڵگا و مافەکانی پێکهاتە جیاوازەکان بێت.

**گرفت و ئاریشەی توێژینەوە:**

بێگومان هەموو توێژینەوەیەک و هەوڵێکی زانستییە لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتێکدا دەنوسرێت؛ مەبەستمان لە نوسینی ئەم هەوڵە زانستییە ئەوەیە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، پێویستە دەستوری ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە شێوەیەک دابڕێژرێت ڕەچاوی تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە بکات. کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان یەکێکە لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان، لەبەرئەوە بە پێویستمان زانیوە لەم توێژینەوەیەدا تیشک بخەینە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی، کە پێویستە بە هەند وەربگیرێن لە کاتی داڕشتن و هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا؛ ئەمەش وەک چارەسەرێک بۆ ئەو کەموکوڕییانەی، کە وەک تایبەتمەندی لە پرۆژەکەدا بەدی دەکرێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکەمان دوو باسی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، کە هەریەکەیان بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراوەن بەم شێوەیە:

باسی یەکەم تایبەتە بە سروشت و تێگەی دەستور و کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان. لەم تەوەرانە پێکهاتوە: واتای کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان، سروشت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان، دەستور و تایبەتمەندییەکانی، تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا. باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و مافی پێکهاتەکان، ئەم تەوەرانە لەخۆ دەگرێت: پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، تایبەتمەندییەکانی دەستوری داهاتو لە هەرێمی کوردستاندا. لە هەمان کاتدا بە چەند خاڵێک ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانمان خستوتەڕوو، لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکانی توێژینەوەکەمان خستوتەڕوو.

**باسی یەکەم: سروشت و تێگەی دەستور و کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان:**

بۆئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان و سروشتی ئەو شێوازە دەستوریەی، کە پێویستە لەم کۆمەڵگایانەدا جێبەجێ بکرێت تێبگەین، پێویستە چەند چەمکێک بخەینەڕوو:

**تەوەری یەکەم: واتای کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان:**

سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، هۆکاری ئەم بەکارهێنانە ئەوەبوو، کە پێکهاتەکانی ئەم شێوازە لە کۆمەڵگا بە دەست گرفت و نادادی دەسەڵاتە سەپێنراوەکانیانەوە دەیانناڵاند، لەهەمان کاتدا دوچاری گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووبوونەوە؛ بەڵام ئەم سەرهەڵدانە نوێیەی ئەم چەمکە واتای ئەوە نییە، کە پێشتر ئەم دیاردەیە بوونی نەبووە، بەڵکو کۆمەڵگا فرەییەکان لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا بوونیان هەبووە. بەڵام وەک ئاماژەمان پێکرد، بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ پاش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە تایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم (Horowitz, 1991: 42-43).

لەبەرئەوەی چەمکی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان، چەمکێکی ئاڵۆز و گشتگیرە، واتا و شیکاری زۆر هەڵدەگرێت، لەهەمان کاتدا وەک هەر چەمکێکی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی تایبەت ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر شێوازی ناساندنی، کۆ دەنگییەک و تەنها پێناسەیەکی گشتگیری بۆ نەکراوە. هەر قوتابخانەیەک و بیرمەندێک بەگوێرەی دید و تێروانینی خۆی و ژینگەکەی پێناسەیەکی بۆ ئەم چەمکە خستوتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین بە کورتی تیشک بخەینەسەر چەند پێناسەیەکی زاراوەیی بۆ ئەم چەمکە. وەک کارئاسانییەک لە تێگەیشتن لە ناواخنی واتایی خودی چەمکی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چەمکی کۆمەڵگای فرەپیکهاتە ئاماژەیە بۆ دیاردەیەک، کە هاوڕییەتی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات کە لە زیاتر لە نەتەوەیەک، ڕێبازێک، یان کەمینەیەک پێکهاتوون؛ سروشتی ئەم کۆمەڵگایانە وایە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزیان هەیە، بەڵام پلەی ئاڵۆزیەکانیان بە پێی پلەی فرەچەشنی و گۆڕانی ئامادەیی لە لایەک، لەلایەکی تر بەگوێرەی پلەی یەکگرتوویی تاکەکانی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕێت؛ بۆ ئەم مەبەستە زانای هۆڵەندی لە زانستی سیاسیدا (ئارێنت لیپهارت) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە: کۆمەڵگایەکە بەگوێرەی ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگای فرەپێکهاتە بە سروشتێکی ئاینی، ئایدیۆلۆژی، زمانەوانی، ناوچەیی، کەلتوری، نەتەوەیی، یان ڕەگەزی دابەشبووە، پێکەوە لەگەڵ یەکتریدا دەژین و دابەشبوونە سیاسییەکانی تیایدا پەیوەندییەکی نزیکیان بە هێڵەکانی جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی بابەتی بوونیان هەیە، بە تایبەت ئەو تایبەتمەندییە دیارانەی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بوونیان هەیە (لیبهارت, ٢٠٠٦: ١٥).

هەروەها زانای دیاری کۆمەڵناسی بەریتانی (ئەنتۆنی گیدنز) بە کورتی پێناسەی ئەم چەمکە دەکات کە بریتییە لە "ئەو جۆرە کۆمەڵگایەی، کە کۆمەڵێک گرووپی ئیتنیکی گەورە لەخۆ دەگرێت و ئەم گرووپانە سیستەمی سیاسی و ئابوری هاوبەشیان هەیە، بەڵام لەچەند لایەنێکی ترەوە جیاوازییەکی زۆریان

هەیە لەگەڵ یەکتردا (غیدنز, ٢٠٠٥: ٣١١-٣١٢). لە لایەکی ترەوە زانای سیاسی بەریتانی (ڕۆبەرت داڵ) پێی وایە: کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان نیشاندەری دۆخێکن، کە کاتێک سەرهەڵدەدات، کە هیچ شێوازێکی هەژمونی سیاسی، کەلتوری، نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی لەناو گرووپە جیاوازەکاندا لە یەک دەوڵەتدا نەبێت. ئەم زانایە وای دەبینێت، گرووپەکان لەناو دەوڵەتدا لە دۆخێکی کێبڕکێدان و پێدەچێت دەسەڵاتداران ناوبژیوانی نێوان ئەم گرووپانە بن (دال: ٢٠٠٠، ص ١٧٦).

لە ئەنجامی ئەو ناساندنەی، کە وەک چوارچێوەیەکی زاراوەیی لەلایەن ئەم چەند زانایە بۆ چەمکی کۆمەڵگای فرەپێکهاتە باسکرا، دەکرێت بڵێین: ئەم شێوازە لە کۆمەڵگا بە پێکەوەژیانی چەندین پێکهاتەی کەلتوری یان نەتەوەیی جیاواز لە ناو یەک ناوچەی جوگرافیدا تایبەتمەندن. ئەم کۆمەڵگایانە زۆرجار پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزیان هەیە، پێویستیان بە چەندین ڕێکار هەیە بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بە مەبەستی نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی ململانێکان و برەودان بە گیانی هەماهەنگی. کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان دەتوانن گەشە بکەن و سود لە هەمەچەشنەیی پێکهاتەکەیان وەربگرن.

**تەوەری دووەم: سروشت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان:**

هەموو کۆمەڵگایەک بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکاری دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی دیارترین ئەو تایبەتمەندییانە دەستنیشان بکەین، کە لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بوونیان هەیە:

- تارادەیەکی زۆر دۆخێکی جێگیریان هەیە گۆڕانکاری کەمتر ڕوودەدات، واتە: هاوشێوەی ڕای گشتی ناگۆڕێت.
- پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی هەندێک گرووپ بەهۆی جیاوازی ئایینی، زمانەوانی، یان نەتەوەیی دەستپێدەکات. چەشنە چەقبەستووەکان یەکێکە لە دیاردە کەلتوری و کۆمەڵایەتییە باوەکانی ئەم کۆمەڵگایانە.
- لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا تاک و گرووپەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، میدیا، ئایینی و پێناسەی تردا ڕێکخراون (وصفي و هاوکارانی، ٢٠٢٥: ٢٦٣).
- بوونی بیروڕای جیاواز و دژبەری بەرژەوەندییەکان، ناکۆکییەکان زیاتر لەسەر بابەتە بنەڕەتییەکان دەبێت. لەبەرئەوە تاکو جیاوازی نێوان پێکهاتەکان زیاتر بێت، بۆشایی لێکتێگەیشتن و نەبوونی هاوئاهەنگی ناوخۆیی فراوانتر دەبێت.
- کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بنیاتنانی ناسنامەیەکی هاوبەش دەبنەوە، کە هەموان هەست بە پارێزراوی و سەربەخۆیی بکەن لە سایەیدا.

- پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بە دوو جۆر شێوازە: ١- پەیوەندیی هاوسەنگ و یەکگرتوو، کە یارمەتیدەرە بۆ سنوردارکردنی قۆرخکاری دەسەڵات لەلایەن گروپێکی نەتەوەیی دیاریکراوەوە. ٢- پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای کێبرکێکردنە، ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی ململانێی توندوتیژ، کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوونی دەوڵەت، ئەگەر میکانیزمی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی نەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.
- پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان زۆرجار بە دابەشبوونێکی زۆر دەناسرێنەوە. تاکەکان زیاتر دڵبەندییان بۆ سایەی پێکهاتەکەیانە، نەوەک دڵبەندیان بۆ کۆمەڵگاکەیان بە گشتی (مربعي، ٢٠١٥: ٦٤-٧٠).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی، کە لەسەرەوە باسمان کردن دەکرێت بڵێین: کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرن. دیاردەی فرەنەتەوەیی کاتێک نەرێنی دەبێت، کە وەک کێشەیەک لە خۆیدا، یان وەک کێشەیەکی سیاسی کە ببێت بە ئاڵنگاری و مەترسی بۆ یەکێتی نەتەوەیی. لە چوارچێوەی پەرەسەندنی داخوازییەکان لە لایەن پێکهاتە جیاوازەکانەوە، یاخود کەمینەکانەوە دەکرێت هۆکار بێت بۆ گەشکردنی ناکۆکی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەهەمان کاتدا هەڕەشە بێت بۆ یەکانگیری نەتەوەیی و سەقامگیری ناوخۆیی.

**تەوەری سێیەم: دەستور و تایبەتمەندییەکانی:**

زۆرێک لە سەرچاوە ئەکادیمی و فەرهەنگەکان باس لە چەمکی دەستور دەکەن، چ لەڕووی زمانییەوە بێت یاخود زاراوەییەوە. لەبەرئەوە ئێمە دوبارە باس لە ئەو وردەکارییانە ناکەین، بەڵام بە کورتی ئاماژە بە چەمکی دەستور دەدەین و پاشان ئەوەی مەبەستمانە تایبەتمەندی دەستورە بەوردی تیشکی دەخەینەسەر.

لە بنەڕەتدا دەستور وشەیەکی فارسییە، بە واتای ئەو بەڵگەنامە یان ئەو تۆمارە دێت، کە یاسا و ڕێسای فەرمانڕەواکان تێیدا کۆدەکرێنەوە. بەم شێوەیە وشەکە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێسا بنەڕەتییانە بەکاردێت، کە هەر ڕێکخراوێک لەسەری بنیات نراوە، لە بنەماڵە و کۆمەڵە و یەکێتییەوە تا دەستوری گشتی دەوڵەت (محمد، ٢٠٢٤: ١٢). دەستور لەڕوی یاساییەوە سەروەری گشتگیری هەیە لەسەر سەرجەم یاساکانی وڵاتدا. بە شێوەیەک نابێت هەر یاسایەك، کە دەردەکرێت پێچەوانە و ناکوک بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستوردا. هەروەها نابێت بنەماکانی دەستوری هەرێمەکان ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستوری دەوڵەتی فیدراڵیدا (ستوپەیی، ٢٠٢٢: ١٢).

مۆریس دوڤێرجە پسپۆڕی یاسای دەستوری، دەستور وەک: ڕێکەوتن یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات، پێی وایە: ئەو ڕێکەوتنە یان گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بنەمای خودی دەوڵەتە. ئەم پێناسەیە دوو واتا لەخۆ دەگرێت ، ١- چەمکێکی فەلسەفییە ٢- دۆخێکی پراکتیکییە، کە ئەمەی دووەمیان وەک ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەو تاکانەدا پێشبینی دەکرێت، کە بە گرێبەست سنوری ئازادییەکانیان و ملکەچبوونیان بۆ ئەو دەسەڵاتانە قبوڵ کردووە، کە دامەزراندویانە (دوڤیرجە، ١٩٩٢: ١١). بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت کەواتە دەستور ئەو ڕێکەوتنەیە، کە مافەکان دەستەبەر دەکات و پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و هاوڵاتییان ڕێکدەخات. لەگەڵ پێویستی بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا.

هەروەها عبدالوهاب الکیالی لە ئینسایکلۆپیدیای سیاسی بەم شێوەیە باس لە چەمکی دەستور دەکات، کە بریتییە لە: کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی، کە سیستەمی حوکم و شێوازی حکومەت لە دەوڵەتدا دەستنیشان دەکات (الکیالي وآخرون، ١٩٩٠: ٦٧٩). کەواتە: دەستور سروشتی سیستەمی سیاسی، دامەزراوەکانی دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسی و ئەرکەکانی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەکتردا و لەهەمان کاتدا لەگەڵ هاوڵاتیان دەستنیشان دەکات، مافی پێکهاتەکان و ئەرکەکانیان ڕوون دەکاتەوە.

**تایبەتمەندییەکانی دەستور:**

دەستور بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز دەناسرێتەوە، کە پێگەیەکی باڵا و یەکلاکەرەوەی پێدەبەخشێت لە پلەبەندی یاسایی و سیاسی دەوڵەتدا، ئەم تایبەتمەندییانەش پۆلێن دەکرێن بۆ تایبەتمەندییە سەرەکییەکان: باڵایی بوون، بوونی سەروەری، چەسپاوی و جێگیر بوون، فەرمی و ڕوون و ئاشکرایی. تایبەتمەندییە بابەتییەکان: ڕێکخستن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پاراستنی ماف و ئازادییەکان، دەستنیشانکردنی شێوازی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی. تایبەتمەندییە فەرمانییەکان: ڕەوایەتی و مەشروعییەت، سەقامگیری و بەردەوامی، خۆگونجاندن و گەشەکردن. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی تیشک بخەینە سەر دیارترین تایبەتمەندییەکانی دەستور:

**یەکەم: باڵایی دەستور:** واتە: دەستور لەسەر تەواوی یاساکانی دەوڵەت باڵایی هەیە، ئیتر ئەم دەستورە نوسراو بێت یاخود عورفی، نەرم بێت یاخود ڕەق. ئەم تایبەتمەندییەی دەستور هۆکاری سەرکی بوو بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی تاکەکانی فەرمانڕەوا دەربهێنێت و بیبەخشێت بە کیانێک کە دەوڵەتە، باڵایی دەستور پێی ڕاگەیاندین، کە دەسەڵات موڵکی تاکە کەسێک نییە، بەڵکو تەنها موڵکی خودی دەوڵەتە. لەهەمان کاتدا ئەم تایبەتمەندییەی دەستور دەسەڵاتە گشتییەکان دەستنیشان دەکات، هەروەها باڵایی دەستور شێوازی نوسینەوە و هەموارکردنەوەی دەستور دیاریدەکات. بێگومان باڵایی دەستوریش دوو لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: باڵایی بابەتی، باڵایی ڕواڵەتی (عبدالله، ٢٠٠٩: ٥٦-٦١).

**دووەم: بوونی سەروەری:** تایبەتمەندی سەروەری بوون زیاتر لە دەستوری وڵاتە دیموکڕاسییەکاندا بایەخی پێدراوە، پێویست بە ناونانی سەروەری دەستور لە ناو دەقەکاندا ناکات. لەبەرئەوەی لە ڕووی بابەتییەوە دەستور دەوڵەت دروست دەکات و دەسەڵاتە سەرەکییەکان ڕێکدەخات و پسپۆڕی دەسەڵاتەکان و پەیوەندی نێوانیان دەستنیشان دەکات. هەرچەندە بەشێک لە وڵاتەکان لە دەقەکانی دەستوردا ئاماژە بە سەروەری بوونی دەستور دەکەن، وەك دەستوری هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکا، دەستوری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٨. هەروەها دەستوری عێراقی ساڵی 2005 لە مادەی١٣ دا (خالد، ٢٠١١: ١٥١). بنەمای سەروەری دەستور تەنها لە وڵاتە دیموکڕاسییەکاندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەو وڵاتانەی کە نادیموکراسین فەرمانڕەواکان بایەخ نادەن بە دەستور و یاساکان، هەر بابەتێک لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت بە میکانیزمی هێز و سەپاندن جێبەجێی دەکەن. بە گشتی لە ڕووی زانستییەوە سەروەری دەستور دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، سەروەری شکلی و سەروەری بابەتی، ئەگەرچی هەردووکیان تەواوکاری یەکترن (ستوپەیی، ٢٠٢٢: ٣٦).

**سێیەم: ڕێکخستن و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:** پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان: ئەم پرەنسیپە یەکێکە لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی، کە لە دەستوری ئەو وڵاتانەدا هاتوە، کە مامەڵەی دروست لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لە نێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا، بە جۆرێک کە هەر دەسەڵاتێک ئەرکەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو سنورانەی، کە دەستور بۆی دیاریکردوە و بەبێ دەستدرێژیکردنە سەر دەسەڵاتەکانی دیکە جێبەجێ بکات. ئەم پرۆسەیە واتای جیاکردنەوەی ڕەها ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست لێی چڕنەبوونەوەی هەموو ئەرکەکانی دەوڵەتە لە دەستی یەک دەسەڵات یان ئۆرگانێکدا، زیاتر لێکجیاکردنەوەکان لە شێوازی نەرم دەبێت. چونکە داکەوتەی کۆمەڵگا و بارودۆخی سیاسی ڕێگرن لە بەردەم لێکجیاکردنەوەی ڕەهادا (رشید، ٢٠١٣: ٦٦٠).

لەڕاستیدا بنەڕەتی ئەم پرەنسیپە دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی بیرمەندی فەرەنسی مۆنتسکیۆ، هەرچەندە ئەو یەکەم کەس نەبووە، کە ئەو قسەیەی کردووە، وەک چۆن پێش ئەویش فەیلەسوفی یۆنانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ باسیان کردوە. ئەفلاتون بایەخی زۆری داوە بە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەڵام نابێت لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەها بێت، بەڵکو دەبێت هەماهەنگی تەواوکاری لە نێوان دەسەڵاتەکاندا هەبێت و بتوانن چاودێری بە سەر یەکترەوە بکەن. هەروەها لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگترین فاکتەرە بۆ ئەوەی هاوکاری و هاوسەنگی و یەکسانی لە نێوان ئەم دەسەڵاتانەدا هەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی وڵات. جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لەپێناو گەڕاندنەوەی دەسەڵاتە بۆ گەل و ڕزگارکردنیان لە ستەمکاری و تاکڕەوی. ڕێکخستن و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، یەکێکە لە

تایبەتمەندی و گرەنتییە دەستورییەکان، ئەمەش دەبێت بەهۆی بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا و پاراستنی ماف و ئازادییەکان. کەواتە بوونی دەستور تاکە سەرچاوەی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیە بۆ پراکتیزەکردن و دەستنیشانکردنی ئەم پرۆسەیە (عمر و هاوکارانی، ٢٠٢٥: ١٢٥-١٢٧).

**چوارەم: گرەنتی دەستور بۆ ماف و ئازادییە گشتییەکان:**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی دانانی دەستور پارستن و گرەنتیکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانە بۆ هاونیشتمانیان. مشتومڕ لەبارەی ئەم بابەتە لە نێوان تیۆری گشتی ماف و ئازادییە گشتییەکان و تیۆری گشتی ماف و ئازادییە دەستورییەکاندا هەیە، چونکە ئەم تیۆرانە لە یەک ئاستی یاسایی و دامەزراوەییدا نین. پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لەسەر بنەمای دەقی یاسایی و بنەما گشتییەکانی یاسا دامەزراوە، لە کاتێکدا پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان پێویستی بە جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە ڕێسای دەستوری یان نێودەوڵەتی هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە دەستورە هاوچەرخەکان هەوڵیان داوە گرەنتی ماف و ئازادییەکان لە پێکهاتەکەیاندا جێگیر بکەن. ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەم مافانە لە هەژمونی کەسانی دەسەڵاتدار بپارێزن. لە هەمان کاتدا گرەنتیکردنی مافی هاونیشتمانیان سنوردارکردنێکن بۆ دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا. بۆئەوەی ئەم مافانە پێشێل نەکرێن بە هیچ مەرجێک، جگە لەو مەرج و شێوازانەی، کە دەستور دەستنیشانی کردووە. ئەمەش واتای گرەنتیکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانە لە ڕێگەی دەستورەوە، یاخود لە ڕێگەی پێداگری لەسەریان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی مافەکانەوە یان دیاریکردنی لە دەق و مادە دەستورییەکاندا (حاتم واخرون، ٢٠٢١: ٤٨٦).

لە ڕاستیدا تایبەتمەندی و ئامانجەکانی دانان و بوونی دەستور لە هەر دەوڵەت و کۆمەڵگایەکدا فراوان و فرە ڕەهەندن، وەک لە سەرەتای ئەم بەبەتەدا بە کورتی باسمان کردن، لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا ناتوانین تەواوی ئەو ڕەهەند و تایبەتمەندییانە بە هەموو لقەکانییەوە باس بکەین، تەنها هەوڵمان داوە دیارترین ئەو تایبەتمەندییانە بە کورتی لەو چەند خاڵەی سەوەرودا بخەینەڕوو. پاشان هەوڵ دەدەین باس لە تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بکەین.

**تەوەری چوارەم: تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا:**

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەی، کە پێویستە لە هەر دەستورێکدا بوونیان هەبێت، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن. دانانی دەستور لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، جگە لەوەی تایبەتمەندی خۆی هەیە؛ لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبێتەوە. چونکە پێویستە بنەماکانی یەکڕیزی نیشتمانی لەگەڵ ڕێزگرتن لە سروشتی فرەپێکهاتەیی بەرجەستە بکات. بە دارشتنێکی تر: دەستور پێویستە وەک چەترێک

بێت بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتو و بەها هاوبەشەکان، هەروەها پێویستە گرەنتی مافی کەمینەکانیش بکات. لەبەرئەوە تایبەتمەندییەکانی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بابەتێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە.

بنەما و پێکهاتەی دەستور لەو کۆمەڵگایانەی، کە خاوەنی پێکهاتەی جیاوازن، خودی پێکهاتەکانیش بەسەر چەندین ئامانجی گشتی و بنەڕەتی دابەشبوون، جیاوازە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی، کە ئەم جیاوازییەیان نییە، تارادەیەکی زۆر یەک ڕەنگن. لەبەرئەوە لە پرۆسەی دارشتنی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا پێویستە ڕەچاوی ئەم دوو چەمکە بکرێت (کوران، ٢٠١٠: ٥٤):

١- ڕێکخستنی دەستور: پرەنسیپ و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەستور لەخۆ دەگرێت، ئەم بنەمایە گشتگیرە و پێویستە بوونی هەبێت لە دەستوری هەموو کۆمەڵگایەکدا چ فرە پێکهاتە بێت، یاخود کۆمەڵگایەکی یەکگرتوی دابەشنەبوو بێت. ئەم بابەتەش بریتییە لە: دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات و چۆنیەتی دەساودەستکردنی دەسەڵاتەکان، پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و ڕێکخستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

٢- پێکهاتەی دەستور: ئەم تایبەتمەندییە واتە وردەکاری دەستور و شێوازی پێکهێنەرەکانی بەگوێرەی کۆمەڵگا و سروشتی پێکهاتەکانی لەخۆ دەگرێت. لێرەدا ڕەچاوی پێکهاتە جیاوازەکان و پاراستن و گرەنتیکردنی تایبەتمەندییە نیشتمانی و کەلتوری و ئایینی و ... هتد بکرێت لەگەڵ بە هەند وەرگرتنی پشکی دادوەرییانەیان لە نوێنەرایەتی سیاسیدا.

بابەتیکی تر، کە پێویستە لە دەستوری کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بایەخی پێبدرێت، ئەوەیە کە کۆمەڵێک تەوەری دەستوری نوێ لە دەستورەکانیاندا بخەنەڕوو، کە پاڵپشتی دیموکراسی و گەرەنتی گەیشتن بە سەروەری یاسا بکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و دوخی ناوخۆیی کۆمەڵگا لەوانە: دۆخی پاش جەنگ، یان دەرچوون لە قوناغێکی کۆلۆنیالیزم، یاخود ڕزگاربوون لە حوکمڕانی ستەمکارانە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستییان بە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت هەیە بۆ چاودێریکردنی دەستورییبوونی یاساکان. لەهەمان کاتدا دەبێت کۆمەڵێک میکانیزم لە دەستوردا دابنرێت سروشت و شێوازی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ سەربەخۆیی تەواوەتییان دەستەبەر بکات (طاهر واخرون، ٢٠١٣: ٣٧).

هەروەها پێویستە لە پێکهاتەی دەستوری کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا گرنگی تەواو بدرێت بە بابەتی ئۆپۆزسیۆن. تەرخانکردنی لانی کەم مادەیەک و چەند برگەیەک هۆکارە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن مافەکانی وەربگرێت، هەروەها بتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت و سنور و پێگەی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەت ئاشکرا بێت. ئەمەش لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و ڕێگریکردن لە قۆرخکردنی دەسەڵاتی

زۆرینەی دەسەڵاتدار. لە ڕاستیدا کەمن ئەو دەستورانەی، کە بە ڕوونی مافی ئۆپۆزسیۆنیان دیاری کردبێت، بەڵام دەستوری وڵاتی مەغریب ٢٠١١، بابەتی ئۆپۆزسیۆنی بە باشی بەرجەستەکردووە، کە لە بەشی١٠ەیەمدا هاتوە: "دەستور پێگەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی گەرەنتی دەکات و مافێکی پێدەبەخشێت بۆئەوەی بتوانێت بە تەواوی ئەرکەکانی لە کاری پەرلەمانی و ژیانی سیاسیدا جێبەجێ بکات" لەم بەشەدا ١٢ بڕگە بۆ مافەکانی ئۆپۆزسیۆن تەرخانکراوە (دستور المغرب، الفصل العاشر، ٢٠١١).

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی، کە پێویستە لە دەستوری کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بە هەند وەربگیرێت، بریتییە لە شێواز و جۆری ئەو دەستورەی کە دادەنرێت، پێویستە دەستور نوسراو و ڕەق (الجامد)[1] بێت نەك دەستوری نەرم، چونکە هەموارکردنی دەستوری ڕەق ڕێکاری زۆری دەوێت و ئاسان نییە، تەنانەت پەرلەمان کە دەسەڵاتی یاسادانانە ناتوانێت دەستوری ڕەق هەموار بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت دەستوری نەرم هەموار بکاتەوە. ئەمەش وادەکات ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بە دەستهێناوە، بە ئاسانی نەتوانێت بەگوێرەی بەرژەوەندی پارتەکەی دەستور هەموار بکاتەوە یان بیگۆڕێت. هەروەها ئەو بابەتانەی کە ڕەهەندی گشتی و نیشتمانییان هەیە بە کۆدەنگی هەموار بکرێن (ستوپەیی، ٢٠٢٢: ١٣).

پێشتر باسمان لە گرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان کرد وەک تایبەتمەندی هەموو دەستورێک، بەڵام لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا، پێویستە لە دەستوردا مافی گرۆپ و پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و کەلتورییەکان وەک پێکهاتەیەکی تایبەت دەستەبەر بکرێن، نەک تەنها لەسەر ئاستی تاک، ئەم پێکهاتانە داواکاری سیاسی و کەلتوری بە کۆمەڵیان هەیە، وەک مافی خۆ بەڕێوەبردن، خوێندن بە زمانی دایک و پشکداری سیاسی دادپەروەرانە. ئەم جۆرە ماف و بەشداریکردنە لەسەر ئاستی تاک چارەسەر نابن، بەڵکو پێویستە لە چوارچێوەی دەستوردا بابەتەکان دەستنیشان بکرێن (کوران، ٢٠١٠: ٥٥).

لەمیانەی ئەو چەند بابەتەی، کە ئاماژەمان پێکرد وەک تایبەتمەندیی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا، بۆمان ڕوون بووەوە، کە ئەم کۆمەڵگایانە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرە داخوازییان هەیە. ئەمەش وا دەکات ئەو دەستورەی بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە دادەنرێت لە لایەک پێویستە بە ڕێگەی گشتپرسی دەستوری[2] ئەنجام بدرێت، لەلایەکی ترەوە پێویستە ڕەنگدانەوەی داکەوت و خواستی پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکە بێت. بێگومان ئەم ڕێکارانەش میکانیزم و کاتی دەوێت و کارێکی ئاسان نییە.

**باسی دووەم: پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و مافی پێکهاتەکان**

لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی گرنگە و واژەیەکی بەڵگەنەویستە ئەوەیە، بوونی دەستور بە هەموو کەموکوڕی و تێبینییەکانەوە لە نەبوونی باشترە. چونکە دەستور بۆ هەرێم گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی

هەیە، بەوپێیەی پارێزگاری لە تایبەتمەندی هەرێمەکە دەکات و سەربەخۆیی زاتی خۆی پراکتیزە دەکات. بەڵام پاش چەندین گۆڕانکاری و دەرفەتی گرنگ و مافپێدانی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی هەمیشەیی عێراق، تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان نەبووە بە خاوەن دەستور. ئەگەرچی بابەتی سەرەکی توێژینەوەی ئێمە نییە، بەڵام وەک بەرچاوڕوونییەک، بە خێرایی تیشک دەخەینە سەر ئەو هەنگاوانەی، کە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون.

یەکەم هەنگاوی فەرمی، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە نراوە لەبارەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە خولی یەکەمی پەرلەماندا بوو. پرۆژەکە بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی ٤-١٠-٢٠٠٢ پەسەندکرا. پاشان لە مانگی (١١)ی هەمان ساڵدا، پەرلەمانی کورستان بڕیاری ژمارە (٢٦) دەرکرد بە مەبەستی لەخۆگرتنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا. لە ساڵی ٢٠٠٣ پرۆژەیەکی نوێ دارێژرا؛ لە ڕاستیدا زیاتر لەسەر بنەمای هەمان پرۆژەی پێشتر خرایەڕوو، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە (٥)ی لە ڕێکەوتی ٨-٩-٢٠٠٥ بۆ ئەم پرۆژەیە دەرکرد. بە دەرچوو لە لێژنەیەکی (٢٩) لە ناوە و دەرەوەی پەرلەمان پێکهێنرا ئەو لێژنەیە پرۆژەیەکی ئامادە کرد پرۆژەکە بە دەنگی (٩٧) ئەندام پەسەندکرا. پاشان بە مەبەستی واژۆکردنی ئاراستەی سەرۆکایەتی کرا (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤: ٦٩).

پاش چەند ساڵێک لەم هەنگاوانە لە ساڵی ٢٠١٥ دا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٤ ی بە ناوی یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی دەرکرد. ئەم یاسایە لە (١١) مادە پێکهاتوە، زانیاری لەبارەی پرۆژەکە لەگەڵ پێکهێنانی لێژنەیەک و کاروبارەکانی لەخۆگرتوە؛ بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک کە لە (٢١) ئەندام پێکهاتبوو دروستکرا، ماوەی (٣) مانگ بۆ کاری لێژنەکە دەستنیشان کرا، ئەگەر لە کاتی دیاریکراودا کاری لێژنەکە تەواو نەبوو، دەکرێت کاتەکەیان درێژ بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەکە بەشێکی زۆر لە پرۆژەکەیان ئامادە کرد بەداخەوە گرفت و ناکۆکییە سیاسییەکان هۆکاربوون بۆ هەڵپەساردنی کارەکانی لێژنەکە (یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان).

**تەوەری یەکەم: پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا**

فرەپێکهاتەیی بوونێکی لە مێژینەیە لەم ناوچەیەی، کە هەرێمی کوردستان بەشێکە تێیدا. پێکهاتە و کەمینەکان بە هەردوو جۆری ئاینی و نەتەوەییەوە، بەشێکی دانەبڕاون و بۆ هەزاران ساڵە لەو خاکەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی لەسەر بنیاتنراوە بەردەوامن لە ژیان. بەها و کەلتورەکانیان پارێزراوە. پاش بنیادنانی دامەزراوەکانیش لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ سیستەمی کۆتا پەیڕەوکرا بۆ شێوازی

بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسی و کارگێری لە هەرێمدا. ئەگەرچی ئەم سیستەمە لە ڕووی ماف و بەها دیموکراسییەکانەوە ڕەخنەی زۆری ئاراستەکراوە، بەڵام بۆ ئەو قۆناغە کارێکی سەرەتایی گونجاو بوو (عبدالله، ٢٠١٩: ١٢٢). لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستاندا زورینەیەک چ لە ڕووی پێکهاتەی هاونیشتمانیانەوە و چ وەک دەسەڵاتدار بە ڕەگەز کوردن و بە ئاین موسڵمان، بەڵام ماف و زمان و کەلتور و بەها و نەریتی کەمینەکان تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراون. پێکهاتەکانیش وەک نەتەوەییەکان: تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، ئاشوری، کلدان، سریانی. هەروەها پێکهاتەی ئاینی جگە لە موسڵمان هەن وەک: ئێزدی، کریستیان، کاکەیی، زەردەشتی، سابیئەی مەندائی، بەهائی (حسن، ٢٠٢٤: ١١٦).

**تەوەری دووەم: تایبەتمەندییەکانی دەستوری داهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، داڕشتنی دەستور لەو کۆمەڵگایانەی، کە فرەپێکهاتەن کارێکی ئاسان نییە و پێویستە بە شێوەیەک بێت بتوانێت ڕەنگدانەوەی داکەوتەی کۆمەڵگا بێت، لەهەمان کاتدا چەتر بێت بۆ لەخۆگرتنی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی هاونیشتمانیان و گرەنتی پاراستنی ماف و بەهاکانی پێکهاتەکان بێت. لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ کیانێکی نادەوڵەتی وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا داڕێژراوە، بەڵام چەندین تایبەتمەندی تێدا بەرجەستەکراوە، وای کردوە وەک دەستورێکی باش وێنابکرێت. بێگومان ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە پرۆژەی دەستورەکە بێخەوش و کەموکوڕی بێت. تایبەتمەندی دەستور لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین دیارترین تایبەتمەندی، کە پێویستە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا بوونی هەبێت بخەینەڕوو:

یەکێک لە دیارترین بیرۆکە و تایبەتمەندی، کە لە دەستورە نوێ و هاوچەرخەکاندا بایەخی پێدراوە، بریتییە لە "ناسنامەی دەستوری"[٣] ئەم بابەتەش زیاتر پەیوەستە بە ئەو کۆمەڵگایانەی، کە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان فرەپێکهاتەن، لەهەمان کاتدا ئەم تایبەتمەندییە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی (الولاء والانتماء) دڵبەندی و ئینتمابوون بۆ گرۆپ و کەمایەتییەکان و دابەشبوونە کلاسیکییەکان، بەڵکو پراکتیزەکردنی ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات دەستور ببێت بە چەترێک بۆ دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان، هەستی نیشتمانی و دڵبەندی گشتگیر بنیاد بنێت (الجميلي، ٢٠٢٢: ٢٠٣). بێگومان ئەم بابەتە بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان و داڕشتنی دەستورەکەی لە ئایندەدا پێویستییەکی بەڵگە نەویستە، پێویستە بەرشدی کاری لەسەر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوە واتای سڕینەوە یاخود ڕێگریکردن نییە لە بوونی ناسنامەی تاک و ڕەهەندەکانی.

هەروەها تایبەتمەندییەکی تری دەستورەکان بریتییە لە دەستنیشانکردنی شێواز و جۆری دەستورەکە، پێویستە دەستور بە شێوەی ڕاستەوخۆ، کە لە دەق و مادەکانیدا ئاماژە بە جۆری دەستور دەکرێت، کە لە جۆری دەستوری ڕەق (الجامد) یاخود لە جۆری نەرم (المرن) بێت. چونکە دەستوری ڕەق: ناتوانرێت هەموار بکرێتەوە مەگەر بە ڕێکاری تایبەت کە دەستور لە چوارچێوەی دەقەکانیدا دیاری کردووە. کەواتە: دەستوری ڕەق لە هەموارکردنیدا پێویستی بە ڕێکاری توندتر هەیە. بەڵام دەستوری نەرم دەتوانرێت بە هەمان شێوەی یاسا ئاساییەکان هەموار بکرێتەوە، ئەمەش بەو واتایەی، کە هەموارکردنەوەی پێویستی بە پەیرەوکردنی ڕێکاری تایبەت نییە (الحمداني، ٢٠٢٠: ٤٥١-٤٥٢). پێویستە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت، چونکە ئەم تایبەتمەندییە گرەنتی هەموارنەکردنەوەی دەستوری هەرێم دەکات بە ڕێکارە ئاساییەکان، لەهەمان کاتدا ڕێگر دەبێت لە بەردەم ئەو پارتە سیاسییانەی، کە زۆرینەی پەرلەمان بەدەست دێنن بە ئاسانی لە بەرژەوەندی خۆیان دەستور هەموار بکەنەوە یاخود مادەکانی بگۆڕن.

خاڵێکی تر کە جێگەی بایەخە وەک تایبەتمەندی لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا جەختی لەسەر بکرێتەوە، دەستنیشانکردنی ماف و ئەرکی گرووپ و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانە، ڕاستە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بەشێک بۆ مافە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی تەرخانکراوە، لە مادەی (١٩) لە برگەی دەیەمدا هاتووە: کە هەموو کەس ئازادی ڕادەربڕینی هەیە (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان - عێراق، ٢٠٠٩: مادەی ١٩، برگەی دەیەم). بەڵام دەکرێت بپرسین: ئایا داننان بە ئازادی ڕادەربڕین وەک بنەمایەک مافی تەواوەتی بە ئۆپۆزسیۆن دەبەخشێت؟ ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە هاوشێوەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتانی جەزائیر و تونس و مەغریب لە دەستوردا ئەرک و مافی ئۆپۆزسیۆن دەستنیشان بکرێت. بەڵکو وەک دەستوری هەندێک وڵات گەرەنتی زیاتر بە ئۆپۆزسیۆن بدرێت، نەک تەنها بە دیاریکردنی مافەکانی لە دەستوردا، بەڵکو ئەو برگانەشیان کردۆتە نێو ئەو مادانەی، کە ناتوانرێت هەموار بکرێنەوە، وەک دەستوری پورتوگال، هەروەها دەستوری وڵاتی فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ئەم تایبەتمەندییەی پەیرەو کردووە (کوسیلة، ٢٠١٩: ٢٧٩).

ئەگەر لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا ماف و سنورەکانی کاری ئۆپۆزسیۆن دەستنیشان بکرێت؛ دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی کردەوەی سیاسی ئاشتییانە. ئۆپۆزسیۆن بە کردەوەیەکی سیاسی و سروشتێکی ئاشتییانە تایبەتمەندە. لەهەمان کاتدا بوونی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەیەکی یاساییدا، ڕێگری دەکات لە هەر جوڵانەوەیەکی نارەزایەتی، بەبێ گوێدانە قەبارە و داواکارییەکانی، کە بگۆڕێت بۆ هەر شتێک، کە لە یاخیبوون یان ڕاپەڕین لە دژی دۆخی ئێستادا. لە هەمووی گرنگتر ڕێگری دەکات

لەو شەپۆلە پۆپۆلیستییەی، کە ئێستا وەک مۆدێلێکی نەشیاوی ئازادی ڕادەربڕین پراکتیزە دەکرێت (البياتي، ٢٠٢٢: ٢٧٨).

لەگەڵ ئەوەی پێویستە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا ئەم تایبەتمەندییانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بوونیان هەبێت، پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان توانیویەتی چەند تایبەتمەندییەک لەخۆ بگرێت، لەوانە پرۆژەکە چەردەیەک لە ماف و ئازادییەکانی بە شێوەیەکی شیاو بەرجەستەکردووە، ئەمەش وادەکات گەشەسەندنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات، لەهەمانکاتدا ببێت بە بنەما بۆ حوکمڕانی باش و چەسپاندنی سەروەری یاسا. هەروەها پرۆژەکە لێبوردەیەکی زۆری تێدایە بۆ گەرەنتیکردنی مافی پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی ئایینییەکان. ئەمەش وا دەکات هەستی جیاوازی نێوان زۆرینە و کەمینە کاڵ ببێتەوە (ئەسەسەرد، ٢٠١٥: ٣٨-٣٩). هەروەها لە کاتی داڕشتنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا ڕەچاوی میکانیزم و پرەنسیپە دیموکراسییەکان کراوە، لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی ڕێزگرتن لە خواست دەنگی هاونیشتمانیان بە هەموو پێکهاتەکانەوە بەرجەستەکراوە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی ڕێگای ڕاپرسی لەلایەن گەلەوە، کە بە باشترین ڕێگەی دیموکراسی بۆ دانانی دەستور هەژمارکراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەشدا، پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، سەرەڕای گرفت و هەڵەی فەرهەنگی زمانەوانی و بوونی کورتبڕی لە هەندێک مادەدا، کە شیکردنەوەی جیاواز و ناڕونی پێدەبەخشێت، لەگەڵ زیاد نوسین و درێژکردنەوەی هەندێک بابەت، کە لە بایەخی سیما دەستورییەکەی کەم دەکاتەوە، چەند کەموکورییەک، کە دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندی دەستورییەوە لەخۆ دەگرێت لەوانە:

لە مادەی یەکەمی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا سیستەمی سیاسی هەرێمی بە سیستەمی پەرلەمانی داندراوە، بەڵام لە مادەکانی تردا ئەم ڕەنگدانەوەیە نابینرێت، داڕێژەرانی پرۆژەکە لە سیستەمی پەرلەمانی لایان داوە، چونکە هەندێک دەسەڵاتیان بە سەرۆکی هەرێم داوە، ڕاستەوخۆ سەرۆکی هەرێم پراکتیزەی دەکات و وەک هاوبەش لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی هەرێمدا بەشدارە. هەروەها پێدانی جۆرێک لە هەژمونی ڕەها بەسەر ئەنجومەنی وەزیراندا، وەک لە مادەی ١٠٨دا هاتوە، بە جۆرێک ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵات و دەسەڵاتی دادوەری خۆی لەژێر چاودێری و ڕێنمایی سەرۆکی هەرێمدا دەبینێتەوە، هەروەها لە مادەی ١٠٤ دا دەسەڵاتی پێشنیازی باری نائاسایی بە سەرۆکی هەرێم دراوە، لە سیستەمی پەرلەمانیدا پێویستە ئەم دەسەڵاتە بۆ سەرۆکی حکومەت بێت، نەک سەرۆکی هەرێم (امین، ٢٠١٥: ٢٦١).

یەکێکی تر لەو خاڵانەی، کە وەک کەموکوڕی هەژمار دەکرێت و کاریگەری هەبووە لەسەر تایبەتمەندی دەستوری پرۆژەکە دیاردەی بە کەسایەتیکردنی دەسەڵاتە (Personalization of Power) داڕێژەرانی پرۆژەکە بابەتی کەسێتی و تاکی فەرمانڕەوایان لەسەر پۆستە باڵاکانی حکومەت بەرجەستەکردوە. ئەمەش وای کردوە وەک تایبەتمەندییەکی لاواز بێت و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا هەبێت. لەهەمان کاتدا کاریگەری هەبووە لەسەر دواخستنی دەنگدان لەسەر پرۆژەکە. چونکە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٩ی سەرۆکایەتی هەرێم پێویست بوو لە ڕێکەوتی ٢٥-٧-٢٠٠٩ دەنگدان لەسەر پرۆژەکە ئەنجام بدرێت. هەروەها یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٩ کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی گشتپرسی بە کراوەیی هێشتەوە. ئەمەش وای کرد هەموارکردنەوەی پرۆژەکە بەبێ گشتپرسی بەگوێرەی یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ دەربچێت (ئەسەسەرد، ٢٠١٥: ٤١).

بابەتێکی تر کە پێویست بوو لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا وەک تایبەتمەندییەکی هەستیار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بریتییە لە بێلایەنی هێزە چەکدارەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە. پرۆژەکە دەستوەرنەدان لە کاروباری سیاسی و حزبایەتی قەدەغە نەکردووە لەم هێزانە، پێویست بوو پرۆژەکە ڕێگری بکات لە ئەندامانی دامەزراوە سەربازییەکان کە خۆیان کاندید بکەن بۆ پۆستە سیاسییەکان، هەوەها بەدوربن لە پرۆسەی هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن. ئەگەر تەماشای دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ بکەین دەبینین لە مادەی ٩ دا هێزە چەکدارەکان و دامەزراوە ئاسایشییەکان ملکەچی دەسەڵاتە شارستانییەکان دەکات و دەستوەردان و لە کاروباری سیاسی و حزبایەتیان لێ قەدەغەکراوە. ئەم تایبەتمەندییە لە دەستوری ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسین جێبەجێ کراوە (ئەسەسەرد، ٢٠١٥: ٤٣).

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، پرسی داڕشتنی دەستور لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا بابەتێکی ئاڵۆز و هەستیارە، چونکە پێویستە دەستور تایبەتمەندی گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەکان بە هەند وەربگرێت، لەهەمان کاتدا پێویستە ڕەنگدانەوەی داکەوتەی کۆمەڵگا بێت لە بواری سیاسی و ئابوری کۆمەلایەتی و کەلتورییەوە. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان یەکێک لەو کۆمەڵگایانەیە، کە فرە پێکهاتەیە، هەروەها ئەکتەرێکی نادەوڵەتییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مافی خاوەندارێتی دەستوری پێدراوە بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥. پێویستە لە داڕشتنی دەستورەکەیدا بابەتی تایبەتمەدییەکانی دەستور بە هەند وەربگرێت، وەک ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو.

**ئەنجام:** لە ئەنجامی ئەم هەوڵە زانستییەماندا گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بوونی دەستور لە کۆمەڵگادا زۆر گرنگە، چونکە بنەما یاساییەکان و سروشت و شێوازی حوکمڕانی و مافی تاکەکان و پێکهاتەکان دەستنیشان دەکات.
- دیاردەی فرەپێکهاتەیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دیاردەیەکی سروشتییە. ئەگەر بە باشی و بەگوێرەی یاسا و دەستور مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەقامگیری. بەڵام زۆرجار بەهۆی نەبوونی دەستور و سەروەرنەبوونی یاسا گرفتیکی سەرەکییە بۆ نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی و ناهاوسەنگی لە ماف و ئەرکی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا.
- لە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکاندا، دەستور تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستییەکی بەڵگەنەویستە بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا، دەستنیشانکردنی شێوازی سیستەمی سیاسی و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان. هەروەها دەستور ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان تاک و دەوڵەت لە لایەک، هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەلایەکی تردا.
- بوونی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو تێبینی و کەموکورییەکان هەنگاوێکی زێرین بووە لە پێناو ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی و دامەزراوە فەرمانڕەواییەکان لە هەرێمدا، هەروەها هەوڵێکە بۆ پاراستنی ئاشتی کومەڵایەتی و سەقامگیری لە ڕێگەی دەستنیشانکردن و پاراستنی مافی سەرجەم هاونیشتیمانیانی هەرێم بەبێ جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکاندا.
- ئەنجامێکی تری ئەم هەوڵە زانستیە ئەوەیە، کە کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، تایبەتمەندییەکانیان وا دەخوازێت لە دەستوردا زۆر بە وردی و گشتگیرانە مامەڵە لەگەڵ ژینگە و داکەوتەی کۆمەڵگا و خواست و مافی تاکەکان و پێکهاتە جیاوزەکاندا بکرێت، بۆ ئەوەی دەستور ئامانجەکانی بپێکێت و بە باشی جێبەجێبکرێت.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:** بە پێویستمان زانیوە ئەم چەند خاڵە وەک پێشنیاز و ڕاسپاردە بخەینەڕوو:

- پێشنیاز دەکەین پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بکرێت بە هەوێنی دانانی دەستور لە زوترین کاتدا. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕووی زمانەوانی و فەرهەنگی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و تایبەتمەندییەکانییەوە بە وردی پێداچوونەوە بە ڕەشنوسەکەدا بکرێت. بۆ ئەوەی چەتر بێت بۆ هاونیشتمانیان و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.
- بوونی بۆچوون و ڕای جیاواز لە داڕشتنی دەستوردا دۆخێکی سروشتییە، بەڵام ناکرێت بەرژەوەندییە سیاسی و حزبییەکان گرفت بۆ لە دایکبوونی یەکەم دەستور لە هەرێمدا دروست

بکەن. چونکە بوونی دەستور هەنگاوێکی چارەنوسسازە و گرەنتی کۆمەڵێک بنەما لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگا لە لایەک و پرەنسیپە گشتییەکانی حوکمڕانی لە لایەکی تردا دەکات.

- پێشنیاز دەکەین کەسانی پەیوەندیدار و لێژنەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، لە ئایندەدا پێشنیاز و دید و بۆچوونی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمییەکان بە هەند وەربگرن. لە پێناو نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و دەوڵەمەندکردنی بابەت و تایبەتمەندییەکانی دەستور لە هەرێمەکەماندا.

**پەراوێزە شیکارییەکان:**

[١] دەستوری ڕەق ئەو دەستورەیە، کە ناتوانرێت بە ڕێکارە ئاساییەکانی هەموارکردنەوەی یاسایەکی ئاسایی هەموار بکرێتەوە. بەڵکو هەموارکردنەکەی پێویستی بە پەیرەوکردنی ڕێکار و مەرجی توندتر و قورسترە لە ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی یاسایەکی ئاسایی. شێوازی دەستوری ڕەق بەدەست دێت ئەگەر دەستور ڕێسایەکی تایبەت بۆ ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی دیاری بکات. (حامد جواد محمد، ٢٠٢٣: ٥٩٤).

[٢] گشتپرسی دەستوری: ڕەشنوسی دەستور لە پرۆسەیەکی گشتپرسیدا دەخرێتە بەردەم هاونیشتمانیان. واتە: دەستور کاریگەر نییە و بەهای یاسایی خۆی بەدەست ناهێنێت، تاکو هاونیشتمانیان پەسەندی نەکەن ئەم شێوازە باشترین ڕێگەیە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، چونکە هاونیشتمانیان ڕاستەوخۆ بەبێ ناوندگیرێک دەنگ دەدەن و ئازادی تەواویان هەیە لە دەنگدانیان، جا بۆ ڕازیبوون یان ڕەتکردنەوە. (السنوسي، ٢٠٠٨: ٣٩).

[٣] ناسنامەی دەستوری: چەمکێکی هاچەرخە، زیاتر پاش جەنگی جیهانی دووەم بەکارهاتوە و چەند واتایەک لەخۆ دەگرێت. یەکەمیان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و لە کاتی جەنگی سارددا لە ژێر ناوی "ناسیۆنالیزمی دەستوری"دا ناسێندرا. پەیوەستە بەو وڵاتانەی، کە پێکهاتەی فرەیان هەیە و ئەو گرژی و قەیرانە شوناسیانەی، کە هەندێکیان دەیخەنە ڕوو، یان بە وڵاتانی ناو یەکێتی کیشوەری یان ناوچەیی و ئەو دژایەتییەی، کە یەکێتی لە نێوان تایبەتمەندی نەتەوەیی و ڕێساکانی دەستوری فیدراڵیدا بەرهەمی دەهێنێت. لە بەرانبەر ئەم دوو واتایەدا هەوڵدرا لە ڕێگەی بەها و بنەما و ڕێسای هاوبەشی دەستورییەوە شوناسێکی نیشتمانی دەستوری دابڕێژرێت. چەمکی دووەمی ناسنامەی دەستوری پەیوەندی بەو پرەنسیپ

و ڕێسایانەوە هەیە، کە دەستورێک لە ئەوانی دیکە جیا دەکەنەوە. ئەم چەمکە لە تایبەتمەندی دەستوری نزیکترە نەک لە بنەماکانی دەستور. (عبد الله، ٢٠٢٠: ٩-١٢).

**لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان**

**یەکەم : دەستور و یاساکان**


- پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩.
- دستور المغرب، الفصل العاشر، ٢٠١١.
- یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان، یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان - عێراق بۆ ڕاپرسی.

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**

- امین، لطیف مصطفی (٢٠١٥) واقع مبدأ الفصل بین السلطات في مشروع دستور اقلیم کوردستان، لە پەرتوکی *لە پێناو دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان*، دیداری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

- حسن، فەرهاد (٢٠٢٤) گوتاری ڕاگەیاندن و ئایندەی پێگەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی دانشفەر، *گۆڤاری شرۆڤە*، ژمارە ٣٤، هەولێر.

- ستوپەیی، جەواد مستەفا (٢٠٢٢)*تیۆری دەستور و هەنگاونان بەرەو نوسینەوەی دەستوری کوردستان*، چاپخانەی دانشفەر، هەولێر.

- عبدالله، خامۆش عمر (٢٠٠٩) *تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عبدالله، فرهاد حسن (٢٠١٩) بەشداری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی: کۆسپەکانی بەردەمی و سیناریۆکانی ئایندە، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، بەرگی ٦، ژمارە ٢.

- عمر، شۆڕش حسن و هاوکارانی (٢٠٢٥)، *یاسای دەستوری (تیۆری دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەکان)* چ١، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر.

- عومەر عەبدوڵڵا ،خامۆش (٢٠٢٤) دەستوری هەرێمی کوردستان (دەرفەت و ئالنگارییەکان) چاپخانەی دانشفەر، *گۆڤاری شرۆڤە*، ژمارە ٣٤، هەولێر.

- ئەسەسەرد، فەرید (٢٠١٥) بنەما دیموکراتی و مەدەنییەکانی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، لە پەرتوکی *لە پێناو دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان*، دیداری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**


- البياتي، وائل منذر (٢٠٢٢) نحو إقرار دستوري للحق في المعارضة البرلمانية، *مجلة المعهد*، العدد ٩، معهد العلمين للدراسات العليا.

- الحمداني، وسام صبار بريسم (٢٠٢٠) أساليب نشأة الوثيقة الدستورية، *مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية*، المجلد ١، العدد ٥.

- السنوسي، محمد صبري محمد (٢٠٠٨) *الوسيط في القانون الدستورين دراسة موجزة للمبادئ الدستورية العامة ودراسة تفصيلية لأحكام الدستو المصري*، القاهرة: دار النهضة العربية للنشر.

- الكيالي ،عبدالوهاب وآخرون (١٩٩٠) *الموسوعة السياسة*، ج ٢ دار العربية للدراسات والنشر، بيروت.

- حاتم، محمد عبدالرحيم و احمد خضير عباس الرماحي (٢٠٢١) الحقوق والحريات الاساسية ودور القضاء الدستوري العربي في حمايتها، معهد العلمين للدراسات العليا، *مجلة المعهد*، العدد ٦.

- خالد، حميد حنون (٢٠١١) القانون الدستورى وتطور االنضام السياسى فى العراق، ط١، مكتبة السنهورى، بغداد.

- دال، روبرت أ. (٢٠٠٠) *عن الديمقراطية*، ترجمة: د. احمد امين الجمل، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة.

- دوفرجه، موريس (١٩٩٢) المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، الأنظمة السياسية الكبرى، ترجمة جورج سعد، بيروت: الدؤسسة الجامعية .للدراسات والنشر، بيروت.

- رشيد، وسن حميد (٢٠١٣) الضمانات الدستورية للحقوق والحريات في الدستور العراقي لعام ٢٠٠٥، *مجلة بابل للعلوم الانسانية*، المجلد ٢١، العدد ٣.

- طاهر، نرجس و دنيا بن رمضان (٢٠١٣) *صياغة مشروع الدستور: تجارب مقارنة ودروس مستفادة*، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، ستوكهولم.

- عبد الله، رزكار جرجيس (٢٠٢٠) الهوية الدستورية، جامعة كركوك، كلية القانون والعلوم السياسية، *أطروحة دكتوراه*.

- غيدنز، أنتوني(٢٠٠٥) *علم الاجتماع*، ترجمة وتقديم: الكتور فايز الصياغ، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت.

- كوسيلة، بومصباح (٢٠١٩) مكانة المعارضة البرلمانية في الدساتير المقارنة، *مجلة العلوم السياسية والقانون*، المجلد ٣، العدد ١٣، المركز الديمقراطي العربي-ألمانيا-برلين.

- كوران، يوسف (٢٠١٠) *التنظيم الدستوري للمجتمعات التعددية في الدول الديمقراطية*، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية (دراسة مقارنة) السليمانية.
- ليبهارت، آرنت (٢٠٠٦) *الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد*، ترجمة حسني زينة بغداد الفرات للنشر والتوزيع.
- محمد، حامد جواد(٢٠٢٣)فكرة الدستور بين النظرية والتطبيق،*مجلة الجامعة العراقية*، ج٢، العدد ٥٨.
- محمد، نعمان كوكو (٢٠٢٤) الدس*تور وقضايا النوع الاجتماعي: نحو اطار استراتيجي لتحقيق المساواة النوعية في السودان*، المؤسسة الدولية للدمقراطية والانتخابات، ستوكهولم.
- مربعي، بلقاسم (٢٠١٥) آليات ادارة التعددية الاثنية ودورها في بناء الدولة (دراسة في النموذج الماليزي) جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، *رسالة ماجستير*، الجزائر.
- نغم عبد الستار حسين الجميلي، الهوية الدستورية، وأزمة الإنتماء والولاء، *مجلة كلية القانون والعلوم السياسية*، العدد ١٨ الخاص٢٠٢٢،
- وصفي، احمد فارس ابراهيم و سعدي ابراهيم حسين (٢٠٢٥) المجتمعات المتعددة: دراسة في المفهوم والانواع، *مجلة الدراسات الامنية*، اردن.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Horowitz، Donald .L (1991) *A democratic south Africa, constitutional engineering in a divided society,* university of California press, Berkeley, loss Angeles, oxford.

# خصائص الدستور في المجتمعات متعددة الطوائف: مشروع دستور إقليم كردستان كمثال

ملخص

في كل دولة، يُعدّ الدستور الأساسَ الرئيسي للنظام السياسي وسنّ القوانين؛ وبالطبع، يكتسب هذا المبدأ أهميةً أكبر في المجتمعات متعددة الطوائف، إذ يُمكّن من ضمان حقوق جميع الطوائف دون تمييز، والحفاظ على التوازن بين أفراد المجتمع. ولا يُعدّ الدستور في المجتمعات متعددة الطوائف وثيقةً قانونيةً فحسب، بل هو أيضًا عهدٌ اجتماعيٌّ بين مختلف الطوائف. ويعتمد نجاح هذه المعاهدة على مدى التوازن بين احتياجات الطوائف المختلفة، وقدرة الدستور على توفير إطارٍ قانونيٍّ وسياسيٍّ يتماشى مع ثقافة المجتمع وتاريخه.

وفي هذا الصدد، يُعتبر إقليم كردستان، كإقليم، منطقةً تضمّ العديد من الطوائف العرقية المختلفة (الأكراد، العرب، التركمان، الكلدان، الآشوريين، الأرمن) من حيث التركيبة الدينية (المسلمين، المسيحيين، الأيزيديين، الزرادشتيين، الصابئة المندائيين، والبهائيين). وفي العراق الفيدرالي، ووفقًا للدستور العراقي الدائم لعام 2005، يحقّ له أن يكون له دستور. إن مسودة دستور إقليم كردستان، رغم جميع نقائصها، تُعدّ خطوةً مهمةً نحو إرساء نظام ديمقراطي متعدد الأعراق يضمن حقوق جميع المواطنين، بغض النظر عن انتماءاتهم العرقية والدينية والثقافية.

الكلمات المفتاحية: الخصائص الدستورية، المجتمعات متعددة الأعراق، حقوق الأقليات، الفيدرالية، مسودة دستور إقليم كردستان.